# بوونی هاوڕەگەزخوازی و ترەنسێتی شاراوە لە ناو کلتووری کوردی

*خوێندنەوەی تایبەتانەی هاوڕەگەزخوازان یان* ناهاوسانان *لە کوردستان و دەرەوەی وڵات*

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

ئەم وتارە لیکولینە وە یکە کە سالانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ لە ئە روپا و کوردستان ئە نجام دراوە و بە لە چوارچێوەیکی ئێتنۆگراڤی دا هەوڵ دەدا ڕوانگەیەکی مرۆڤناسانەی بەرامبەر بە حاڵەتە شاراوەکانی هاوڕەگەزخوازی و ترەنسێتی لە ناو بە شیک لە کلتووری کوردیدا هەبێت. ئەم بابەتە لە کلتووری کورد و ئێرانییەکانیشدا هاوشێوەی هەموو کۆمەڵگاکانی دیکەیە بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێی نۆرمە کلتوورییەکان وەک نهێنییەکی ئاشکرابوو ئەم پرسە لای خۆیان دەهێڵنەوە، واتە هەمووان لە بوونی بە ئاگان بەڵام کە م کەس لەم بارەوە قسە دە کات. بە هۆی نەبوونی هۆگرییەک کە لە بواری ئەم بابەتەدا بەدی دەکرێ، کەسانی هاوڕەگەزخواز و یان ترەنس لە کۆمەڵگای کوردستان دەورێکی بە فەرمی ناسراویان نییە. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم پرسە دەورە ڕەگەزێتییە باوەکانە. هەڵبەت هاوڕەگەزخوازی پیاوان سەرەڕای ئەوەی کەس لە بارەیانەوە زور نادوێ، بەڵام بابەتێکی ناسراوە، بەڵام ترەنس بوون و هاوڕەگەزخوازی لە ناو ئافرەتاندا کەمتر قبووڵ کراوە و تەنانەت لە حاڵەتی نافەرمیشدا پەسند ناکرێت. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی فیمینیزم و روشنبیری لە ناو ژنانی خۆرهەڵاتی ناڤین، ئەوان ئێستا لە ڕێگەی ئەم پاڕادایمەوە زیاتر لە بارەی ڕەگەزێتی خۆیان ئەزموون وەدەست دێنن. سەبارەت بە پرسی هاوڕەگەزخوازی لە ناو کوردەکان پێشینەی نووسراو لە ئارادا کە مە، بەڵام نووسەرانی کورد و ئێرانی هەوڵیان داوە لە بواری ئەم تابۆ کلتوورییە لە ناو هاوڕەگەزخوازاندا دەست بدەنە توێژینەوە.

---

[1] - توێژەری ئێتنۆگراف و توێژەر
kameel.ahmady@gmail.com
http://kameelahmady.com



هەر بۆیە سەرچاوەی نووسراوی زۆر کەم لە بەر دەستە. سەرەڕای ئەوەی کە بە شیکی کۆمەڵگای کوردی کوردستان و تەنانەت بەشگەلێک لە دەرەوەی سنووری فیزیایی کوردستان بە شێوەی هەمیشەیی و تەنانەت توندائژۆیانە دژی مۆدێرنیتە و گۆڕینی دەورە ڕەگەزێتییەکان (کە لێکەوتەی ئەوە) دەوەستنەوە و لە دژی دەجەنگن، لە بواری ئازادی ڕەگەزێتی ڕێژەی قبووڵ کردن زۆر کەمە. لە درێژەدا دەمهەوێ چەندین حاڵەتی توێژینەوەی تایبەتی لە بواری ئەو کەسانە بخەمە ڕوو کە لە سەر بابەتی ئەم توێژینەوە قسەم لەگەڵ کردن و ئەنگێزە و داپەڕەکانی ئەوانم لە پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی خستۆتە بەر تیشکی لێکدانەوە و لە بارەی ڕوانگەیەک کە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە مەڕ خۆیان هەیانە پرسیارم لێ کردن.

**حاڵەتی یەکەم**

کوڕە دێتە ناو ژوورەکە، داوام لێ کرد دانیشێ، ئەو دانیشت و من بە فارسی سڵاو و حەواڵپرسیم کرد. و ڕوونی دەکەمەوە کە بڕیارە بە شێوەی پرۆفیشناڵ پێکەوە ماوەیەک ئیش و کار بکەین. دۆسییەکەی ئەویان کە لە یەکێک لە بەشە یاساییەکانی شارەوانی لەندەن کارم دەکرد پێدام. لێی دەپرسم پێی خۆشە بە کاکە بانگی بکەم یان خانم؟ و ئەو زۆر جیدییانە وڵام دەداتەوە تکایە هەمیشە بە خانم بانگم بکە من ئافرەتم. ئینجا دەستبەجێ داوام لێ دەکا بە پسپۆڕێکی بناسێنم بۆ ئەوەی بتوانێ ڕەگەزی خۆی بگۆڕێ، ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ ناوێکی ئافرەتانە و لە کۆتاییدا داوام لێ دەکا کە پێی بڵێم گەڕەکی سۆهۆ کوێیە (گەڕەکێک بۆ لە دەور یەک کۆبوونەوەی هاوڕەگەزخوازان لە ناوەندی لەندەنی بریتانیا) داوێنێکی زۆر کورت و تاپێکی پەمەیی لە بەر بوو، ئەوەندە یەخەی تاپەکەی ئاوەڵا بوو کە بێچمی سینگی دەرکەوتبوو. قاچەکانی پڕ بوو لە جێ شوێنی بڕینی تیغ و ڕوونی کردەوە کە زۆر لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی تا ئەو جێی دەلوێ هەر هەموو مووی قاچی بتاشێ بۆ ئەوەی قاچەکانی موویەکی کەمتریان هەبێت. ناوبراو مووی ئەستوور و ڕەشی هەبوو و هەر ئەم بابەتەش پیشانی دەدا کە لەم بوارەدا ئیشێکی ئاسوودەی نییە. گوارەکان، ئەنگووستیلەکان، زنجیرەکان و پێڵاوە پاژنە بەرزەکەی بە لای منەوە هەوڵێکی چەتوون بوو بۆ ئەوەی بڵێ: من ئافرەتم.

لە ماوەی هەفتەیەک کە لەگەڵی بووم سەبارەت بە ژیانی خۆی لە وڵاتی ئێران قسەی بۆ کردم، ئەوەی کە چۆن کارمەندێکی باڵا لە شاری ئاینی قووم ئیزنی گۆڕینی ڕەگەزی پێداوە. ڕەنگە بتوانین ئێران وەک وڵاتێکی ناوازە لە سەر ئاستی هەموو جیهانی موسڵمانان لە بواری ڕوانینێکی نەرمتر بەرامبەر بە گۆڕینی ڕەگەز لە قەڵەم بدەین، هەڵبەت ئەگەر هاوڕەگەزخوازان لە بواری

هۆگریی سێکسی خۆیان سەربەستانە ئیش بکەن سزای سێدارە و یان زیندانیان بە سەردا دەسەپێ، بەڵام کەسانی ترەنس لەم وڵاتە تا رادە یک قبووڵ کراون و بۆ چارەسەری خۆیان لە پشتیوانی دەوڵەتیش سوودمەندن. ئیمام خومەینی لە ساڵی 1989 ڕاگەیاندنێکی بەناوبانگی هەیە کە ڕایگەیاندووە ئەو کەسانەی وا پێیان وایە لە لەشێکی هەڵەدا گیریان کردووە دەبێ ئەم چانسەیان هەبێ کە لەم زیندانە دەرباز بن، و تەنانەت پاش گۆڕینی ڕەگەز بۆیان هەیە لە بەڵگەی شووناسی نوێ سوودمەند بن. ڕەنگە هۆکاری ئەم پرسە ئەوە بێ کە هاوڕەگەزخوازی بە تاوانێکی زۆر نگریس دەزانن و هەر لەبەر ئەوە لە بری ئەو ترەنسێتیان قبووڵ کردووە. هەڵبەت هەست ناکا کە لە ئێران هەڵسووکەوتێکی باشیان لەگەڵ کردبێت. ئەوەی کە لە ئێران چەند نەشیاوانە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ناوبراو ناچار بووە بەرەو بلارووس لە ئەوڕووپای ڕۆژهەڵات کۆچ بکات بۆ ئەوەی لەوێ یارمەتی پرۆفیشناڵ دەست بخات و لە کۆتاییدا ڕەگەزی بگۆڕێت. لە چاوپێکەوتنی دووهەمدا کە لەگەڵی سازم کرد لە میانەی قسەکانماندا تەلەفۆنیان بۆ کردم، هاوڕێیەک لە ئێرانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ئەوەی بزانێ ئایا دەتوانم چەند بەرگ کتێبی بۆ پۆست بکەم؟ لەگەڵ ئەوە دەنگی داگۆڕا. ئەو زۆر بە ئارامی لێ پرسیم کە خەڵکی کوێم؟ و منیش وڵامم داوە بە ڕفتارمدا بۆی دەرکەوت کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم (کوردستانی ئێران)، کەمێک تێڕاما و ئینجا بە دەنگێکی ئەسپایی وتی: منیش کوردم، خەڵکی کرماشانم. لێم پرسی بە لایەوە کێشە نییە کە منیش کوردم؟ و ئەو لە وڵامدا وتی: خانەوادە ئاخیان کردووم، باوکم کاتێ زانی من هاوڕەگەزخواز / ترەنسم هەوڵی دا بمکوژێ، من ناچار بووم لە کوردستان ڕا بکەم و بچم بۆ تاران. کورد زۆر دەمارگژن. تکا دەکەم، من ئامادە نیم کە کەس بزانێ کوردم. من تەنانەت لاس کەس ناڵێم ئێرانیم. خەڵک ئەگەر بزانن کێشەم بۆ دەنێنەوە و بە چاوی خراپ لێم دەڕوانن، ئەوان وەک مرۆڤێک هەڵسووکەوتم لەگەڵ ناکەن. لێرەدا بوو کە لە پڕ فرمێسکی هاتنە خوار.




تەنیا دوو خەونی هەبوو، ئەوەی کە برینکارییەکی سەرکەوتووی بۆ گۆڕینی ڕەگەز بۆ بکرێ، و ئەوەی کە دیسان لەگەڵ دۆستەکەی بێ کە بەڵێنی پێ دابوو کە ئەگەر ببێتە کچ هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. ناوبراو لە درێژەدا وتی: من لە کوردستان ژیانێکی ناخۆشم بووە، بۆم نەبوو لای کەس بڵێم کە من هاوڕەگەزخوازم، زۆر دەترسام ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکم بەم بابەتە بزانێت. هەڵبەت زۆر کەس لە بارەی هۆگریی سێکسی من زانیارییان هەبوو یان لانیکەم بە ڕفتارمدا شکیان کردبوو، مەبەستم ئەوەیە کە من هاوشێوەی ئافرەتێک ڕفتارم دەکرد و دەنگێکی ناسکم هەبوو. بەڵام هیچ کەس بە شێوەی ئازادانە لەم بارەوە قسەی

نەدەکرد. ئەم بابەتە نهێنییەک بوو کە هەمووان لێی بە ئاگا بوون. کاتێک پیاوە بەتەمەنترەکان لێیان دەڕوانیم یان بە تووڕەییەوە کاتێک منیان دەبینی ڕووی خۆیان وەردەگێڕا، پیاوە گەنجەکان هەندێ جار تێدەکۆشان لە باوەشم بکەن، یان لە مەڕ ڕەواڵەتم تانە و توانجم لێ بدەن. هەڵبەت لە تاران دۆخەکە کەمێک جیاواز بوو. هیچ کەس منی نەدەناسی، ئەگەر ڕاستییەکەیتان دەوێ خۆشم ئیتر گرنگیم نەدەدا. لە درێژەی ئەو ساڵانەی کە لە ئێران دژیام شەرمم لە خۆم دەکرد، بە هۆی شتێک کە بووم و دەمویست ببم. خەتای خۆم بوو، من هەر لە منداڵییەوە لە دیتران جیاواز بووم، من کوڕەکانم لە کچەکان خۆشتر دەویست. هەمیشە پێم خۆش بوو جلوبەرگی شیاو لە بەر بکەم و بە ئەسپایی لە کاتێکدا کە لە ژوورەکەی خۆم بووم و کەس لە لام نەبوو ئارایشتم دەکرد و وێنەم لە خۆم دەگرت.

دیارە من ئیزنی گۆڕینی ڕەگەزم وەرگرتبوو، کەواتە دوو ساڵ پارەم کۆ کردەوە، بۆ ئەم پرسە هەموو کارێکیشم کرد، لە شتی قاپ و کەوچک هەتا شتی ئۆتۆمبێلەکان. سەرەڕای ئەمە پارەی پێویستم نەبوو و نەمدەتوانی بەم پارە تێچووی تەواوی گۆڕینی ڕەگەزێتیم دابین بکەم. سەرەڕای ئەمانە دەبا پارەی دەرزی هۆرمۆن و دیکەی شتەکانم بدابایە. هەر لەبەر ئەوەش چوومە بلاڕووس. کاتێک چوومە ئەوێ ڕێکخراوی نەتەوەکان پشتیوانی لێ کردم. ئەوان هەوڵیان دا لەم وڵاتەدا بۆ برینکاری گۆڕینی ڕەگەزێتیم بەرنامەڕێژیم بۆ بکەن. ژیان لەو وڵاتەدا زۆر ئەستەم بوو. کاتێک هاوشێوەی کچێک جلوبەرگم لە بەر دەکرد و دەچوومە دەرەوە پیرترەکان بە بینی من تفیان لە عەرز ڕۆ دەکرد و کاتێک بە لایاندا تێپەڕ دەبووم پیاوان و ژنە گەنجەکان هۆیان لێ دەکردم. تەنانەت کادری پزیشکیش زۆر هۆمۆفۆبیک (دژی هاوڕەگەزخوازان) بوو و هەر کەس دەهات بێڕێزی پێ دەکردم.

دیارە دڵخۆشتر بوو بەڵام زۆر نیگەران بوو، هەتا ڕۆژێکیان ناوبراو بەسەرهاتێکی ترسناکی لە مەڕ هێرشی دوو پیاو لە باکووری لەندەنی لەو کاتەی کە کاتی گۆڕینی ڕەگەزێتی هاتبوو بۆ من گێڕاوە، ئەوان پەیتا پەیتا لە زکیان دەدا و ناو و ناتۆرەی ناشیریان لێ دەدا (جنێوێک بۆ بێڕێزی بە هەموو هاوڕەگەزخوازان) و بە دەموچاوێکی خوێناوییەوە لەوێ بەرەڵایان کردبوو، ناوبراو وەها ترسا بوو کە هەتا چەند ڕۆژ لەماڵەوە دەرنەکەوت و تەنیا ئەو کاتە لە ماڵ هاتە دەرەوە کە بەرپرسانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵی بوون.

پاش برینکاری پێی وتم کە ئێستا بوومەتە خاتوونێکی تەواو. وتی شادترین ژنی کوردە لەم دنیایەدا. ناوبراو بە شێوەی نیمچە کات لە باری سۆهۆ وەک بەرپرسی بار ئیشی دەکا و خواردنەوە سێرڤ دەکا و ئێستا چاوەڕێیە چاوی بە هاوسەری داهاتووی بکەوێت.

**حاڵەتی دووهەم**

ئەستەنبۆڵ ماڵی پتر لە یەک ملیۆن کەسی حەشیمەتی کوردە کە زۆربەیان لە تێهەڵچوونەکانی دەیەی نەوەد لە نێوان هێزە دەوڵەتییەکان و پ ک ک ناوچەی کوردستانیان لە باشووریترین بەشی تورکیا بە جێ هێشتووە و پاش کاول بوونی هەزاران گوند لەم ناوچە بەرەو ئەستەنبۆڵ کۆچیان کردووە. لە نزیک ناوچەی توورِیستی سوڵتان ئەحمەد ئاکسارایدایە کە دەتوانین بڵێین

زۆربەی زۆری کۆچبەرانی کورد لەوێ کار و ئیشی بچوکیان بۆ خۆیان جێبەجێ کردووە، ناوچەیەک لە دووکانی بچووک، و تەنانەت هەندێ کەس لە سەر شەقامەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەستفرۆشی دەکەن.

نزیک لە هۆتێلی عەزیز کووچەیەکی تاریک و پیس بەدی دەکرێ کە دەگاتە بارێک لە ژێر زەوی، ئەم بارە بارێکی تایبەتی هاوڕەگەزخوازانی پیاو و ئافرەتی کوردە. لەم بارەدا مووسیقای ڕاستەوخۆیان هەیە و جەوەکەی تەواو تاریکە، بۆ ئەوەی بەم شێوە پانتاکە رۆمانسی بکەن. لەگەڵ هاتنتان بۆ ناو ئەم بارە هەمووان سەیرتان دەکەن، ڕەنگە لە بەر ئەوە بێ بزانن پیاون یان ئافرەت. گرووپێکی پێکهاتوو لە 4 پیاو و ژن. لە مێزەکەی پەنا لەگەڵ هاوڕێکەم کە خانمێکە بۆ خواردنەوە بانگهێشتی سەر مێزێکم دەکەن. پاش خواردنەوەی چەند پەیک ئەوان سەبارەت بە هۆکار و چۆنیەتی بەجێ هێشتنی کوردستان دەستیان کرد بە قسە کردن. یەکێک لە کچەکان کە لە ئێن جی ئۆیەکی پشتیوانی لە هاوڕەگەزخوازانی ژن ئیشی دەکرد کە سەر بە ڕێکخراوێکی سوویدی بوو سەبارەت بە ئەزموونەکانی خۆی و ئەوەی کە بۆچی نەیتوانیوە لە زێدەکەی خۆی (باتمان) بمێنێتەوە قسەی کرد. ناوبراو دەڵێ: زۆر سادەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە من هاوڕەگەزخواز بووم، باشم لە بیرە کە کاتێک مێرمنداڵ بووم عاشقی ئامۆزاکەم بووم و کاتێک کچە مامەکەم لەگەڵ کوڕە خۆشەویستەکەی لە کاتی ئامادەییدا هاوسەرگیری کرد من هەوڵم دا خۆم بکووژم بەڵام نەمتوانی و زیندوو مامەوە. ژنێکی دیکە دەڵێ بۆ ماوەی 5 ساڵ هاوسەرگیری کردبوو بەڵام لە مێردەکەی بێزار بووە؛ ئەو ناپاکی لەگەڵ کردم و لەو کاتەوە من نامهەوێ لەگەڵ هیچ پیاوێک بم، من ئێستا لەگەڵ دۆستەکەم کە کچێکی ڕووسییە زۆر شادترم، ئەم کچە چەند مەتر دوورتر لە ژنەکە دانیشتبوو. پیاوەکانیش بەسەرهاتی هاوشێوەیان هەبوو، یەکیان تەنیا دەیتوانی بە تورکی ئاخافتن بکا (لە کاتێکدا کە بە تورکی ئەستەنبۆڵی من پێدەکەنی) وتی: من خەڵکی گوندێکی بچووکم، لەو گونەدا خەڵکیان منیان لە کاتی سێکس کردن لەگەڵ پیاوێکی دیکە بینیبوو و دەنگۆ لێرەوە دەستی پێکرد و مەلای گوند و پیاوماقووڵەکانی گەڕەک و مامی منیان برد بۆ مزگەوت و هەواڵەکەیان پێدان. هاوڕێی قوتابخانەکەم بە هەڵکەوت ئەم بەسەرهاتەی لە چەند کوڕی دیکە بیستبوو، خێرا بەرەو ئەو مەزرایە ڕا دەکا کە من تێیدا ئاگام لە ئاژەڵەکان بووە. من هەر ئەوەندە پارەم بوو کە خۆم گەیاندە ئەنقەرەە و لەو کاتەوە ئیتر نەگەڕاومەتەوە بۆ گوندەکەی خۆمان بەڵام جار جار لەگەڵ دایکم قسە دەکەم.

**حاڵەتی سێیەم**

هەر دووکیان تەمەنیان بیست و ئەوەندە ساڵە، لە یەکێک لە زانکۆ ئەهلییەکانی ئێران لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنن. من (ک) و (ف) لە کاتێکدا کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە بواری کلتووری گەنجان لە ئێران بووم لە ڕێگەی چالاکڤانێکی مافەکانی ژنان لەگەڵان ئاشنا بووم دەڵێ هیچ کەس نازانێ ئەو کچێکی هاوڕەگەزخوازە، ئەگەر کەسێک بەم بابەتە بزانێ من زۆر زۆر تووشی کێشە دەبم، نە تەنیا خانەوادەکەم لەوانەیە بمکوژن، بەڵکوو تەنانەت دەوڵەتیش لەوانەیە بمخاتە بەندیخانەوە. لەم کاتەوە دەنگی نزم دەکاتەوە و دەڵێ تەنانەت لەوانەیە هاوشێوەی پارەکە کە دوو گەنجی فارسیان بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی لە سێدارە دا منیش لە سێدارە بدەن. ناوبراو درێژە بە وتەکانی دەدا من هەتا ئەو کاتەی کە لەگەڵ (ک) لە زانکۆ ئاشنا نەببووم

نەمدەزانی هاوڕەگەزخوازم. هەموو شتێک لە پەردیسی زانکۆ دەستی پێکرد، ڕۆژێکیان کە خۆشەویستە کوڕەکەم لە بەر کچێکی دیکە وازی لە من هێنا، (ک) لەو شەوەدا کە من زۆر بێتاقەت بووم هاتە لام بۆ ئەوەی سووکناییم بداتەوە. ئێمە هاوژوور بووین، کاتێک کە باوەشی پێدا کردم هەستێکی خۆش کەوتە دڵمەوە، ناوبراو زۆر بە باشی لە من تێدەگەیشت و ڕاست دەیزانی چۆن دەبێ من ئارام بکاتەوە. لەو کاتەوە ئێمە پێکەوەین.



**حاڵەتی چوارەم**

(ئ ف) پیاوێکی کەم تەمەنی پێگەیشتووە، و لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆڕسی باڵای تەواو کردووە. ناوبراو دەڵێ لە شاری حەڵەبجە (باشووری باشووری کوردستان) لە دایک بووە. من زۆر سەبارەت بەوێ شتم وەبیر نایە. من بۆ هاوسەرگیرییەکی بنەماڵەیی و سەردانی بنەماڵە گەڕامەوە بۆ کوردستان بەڵام لەوە ناچێ بتوانم لەوێ بژیم. لەم کاتەدا هەست دەکەم بێتاقەت بوو، دیارە مەبەستم ئەوەیە کە من ناتوانم لەوێ بژیم، ئەمە بۆ منێک کە پیاوێکی هاوڕەگەزخوازم، مومکین نییە، ئینجا درێژەی پێدەدا من خەڵکی ناوچەی هەورامانم و ئەمە پرسەکە ئەستەمتر دەکات. بە ڕای من هەورامان هێشتا زۆر ئایینیتر لە دیکەی ناوچەکانی کوردستانە. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: خوا دەزانێ ئەگەر خزمەکانم و بەتایبەت کوڕە مامەکەم کە سەرۆکی عەشیرەتە بەم بابەتە بزانێ چ ڕوو دەدا، سەیر بکەن ئەم کەسە حاجییە (کەسێک کە زیارەتی مەککەی کردووە) و لە ناو خزمەکاندا زۆر ڕێزی هەیە. دەست دەکا بە جگرە کێشان و درێژەی پێدەدا: ئەم ڕووداوانە هەمووی لە ئەورووپا دەستی پێکرد.

با ڕاستگۆ بم، من نەمدەزانی هاوڕەگەزخوازم تا ئەوەی کە شەوێکیان من لەگەڵ یەکێک لە هاورێ هاوزانکۆییەکانم بووم و ئەو جووڵەیەکی نواند، ئێستا کە بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە دەزانم بۆچی هیچ کات عەشقی هیچ کچێک نەدەبووم. ئینجا بزەیەک دەنیشتە سەر لێوی و دەڵێ: من ئێستا لەگەڵ خۆشەویستە کوڕەکەم دەژیم و هەموو شتێک باشە. تەنیا کێشەم ئەوەیە کە دەبێ پەیوەندییەکەم بشارمەوە، خۆ دەزانی بۆ. من زۆر کەس لە ناوچەی خۆمان کە نایانناسم بەڵام کە بۆ سەردانی ئێمە دێنە

ئێرە پێیان دەڵێین کە خوێندکار حەزی لێیە کە (ئ ف)ین و لە ژووری جیادا دەژین. پێموا هەمووان بڕوا بە قسەکەمان دەکەن ڕۆژێکیان بتوانن ئازادانە بڵێ کە کێیە. ناوبراو دەڵێ: من ئیتر لەم ژیانە دووانەییە ماندوو بووم، لە سەرەتادا ئەم پرسە سەرنجڕاکێش بوو، زۆر هەیەجانی و مەترسیدار بوو، من پێم خۆش بوو، بەڵام ئێستا خۆشەویستە کوڕەکەم بەم بابەتە ناڕازییە و بەردەوام دەڵێ بۆچی وا بکەین؟ من بە ڕاستی تێدەکۆشم بۆی ڕوون بکەمەوە کە تا چەندە بارودۆخی من ئاڵۆزە بەڵام وا هەست دەکەم ئەو تێناگات، هەڵبەت مافی خۆشیەتی. بۆ کەسێک کە ژیانێکی زۆر جیاوازی لەگەڵ من بووە تێگەیشتن لەم پرسانە هەر وا ئاسان نییە. هەڵە مەکەن، ئێمە تەنانەت لە لایەن دۆستان و ناسراوانی ئەویش زۆر قبووڵ ناکرێین. هاوڕەگەزخوازبوون تەنانەت لە ئەورووپاش هەر وا سادە نییە.

ڕوانینێک بۆ ئەم دیاردە لە ڕوانگەی مرۆڤناسی: سەرەڕای ئەوەی تابۆیەک پرسی هۆگرییە سێکسییە نەگوونجاوەکانی گرتۆتە بەر، چە لە مەڕ هاوڕەگەزخوازان و چ لە مەڕ ترەنسەکان، ڕێبەرانی دەرەوەی وڵات دەستپێکەری باسی گشتی لەم بارەوە بوون. پاش پێشێل کردنی تۆقێنەرانەی مافەکانی مرۆڤ لە مەڕ کاپڵێکی هاوڕەگەزخوازی کورد و لێدانیان بە قەمچی بە هۆی ئەم تاوانە لە وڵاتی ئێران، پشتیوانێکی مافەکانی هاوڕەگەزخوازانی کورد لە ئیندیمیدیا (Indymedia.com) نووسی: لە کوردستان هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناڤین، هاوڕەگەزخوازی بە ڕاستی جێی قبووڵ کران نییە و هۆی ئەم پرسە لە پاڵ ئاین و کلتووری ئێمەیە. هاوڕەگەزخوازی هەمیشە و لە هەموو زەمەنێکدا وەک کارێکی قێزەون بەراورد کراوە، بەڵام لە ئەورووپای کۆن کردەوەی نێربازیی زۆر باو بووە. هەر لەبەر ئەوە بە شێوەی سرووشتی ئێمە هەمیشە دژی هاوڕەگەزخوازی بووین بەڵام لە هەمان کاتدا یاساکانی شەریعەتم قبووڵ نییە و بە قەمچی لێدانی هاوڕەگەزخوازان هەتا ئەو کاتەی دەمرن یەکێک لە یاساکانی شەریعەتە.

بهێڵن ئەم کەسانە چۆنیان پێ خۆشە بژین. ئەگەر ئێوە کەسێکی ئاینین، ئێوە خۆتان باش دەزانن کە ئەوان لەو دنیا تووشی چی دەبن و ئەگەر ئاینی نین نابێ کێشەیەکتان لەگەڵ ئەم بابەتە ببێت.

مەلاکان هەمیشە بڕ و بیانو دەهێننەوە بۆ ئەوەی کەسەکان لە قەمچی بدەن، هۆکاری ئەم پرسە دەتوانێ ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بەوان، خواردنەوەی شەراب و یان سێکس کردنی پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژن بێت.

چالاکێکی مافەکانی ژنانی هاوڕەگەزخواز لە کورردستان دەنووسێ:

هاوڕەگەزخوازی لە نێوان ژنان و پیاوان دیاردەیەکی ڕاستەقینەیە و نابێ هیچکات وەک نەخۆشییەک ڕەچاوی بکەن.

سرووشت بۆ هەر کام لە سیستەمەکانی خۆی هۆکارێکی هەیە. کەسانی هاوڕەگەزخواز نزیکەی 0.1 هەتا 1.0 لە سەد لە حەشیمەتی مرۆڤەکان لە سەرتاسەری دنیا پێک دێنن. ئەم پرسە تەنیا لە مرۆڤەکاندا سنووردار نابێتەوە و لە ئاژەڵەکان و تەنانەت ڕووەک و گوڵەکانیشدا بوونی هەیە. هەندێ کەس پێیان وایە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردە کۆنترۆڵی حەشیمەتی ڕووی زەوییە بۆ ئەوەی ڕێگری لە کارەسات بگیرێت، چوونکە زۆر بوونی حەشیمەتی ڕووی زەوی دەتوانێ قەیرانێکی نوێ بەدی بێنێت،

بۆ وێنە کاتێک مرۆڤەکان دەستێوەردان لە دنیای پەلەوەرەکاندا دەکەن و ڕێژەیەکی زۆری پەلەوەر بۆ بە کارهێنانی مرۆڤ بەرهەم دێنن، دەبینین کە نەخۆشی ئەنفلۆوانزای باڵندە دروست دەبێ کە نە تەنیا ژیانی پەلەوەرەکانی جیهان بەڵکوو ژیانی ئێمەش دەخاتە مەترسییەوە.

زۆربەی کەسانی هاوڕەگەزخوازی داهێنەر و هونەرمەندن، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە دەبینین کە زۆرێک لە هونەرمەندان و نووسەرانی جیهان وەکوو ئۆسکار واید، ڕامبۆ و هەتد لەم حاڵەتە بەدەر نین.

وڵامی پرسی هاوڕەگەزخوازی توند و تیژی نییە و ئەم ڕێکارە هەرگیز نەیتوانیوە کێشە چارەسەر بکات. ئەگەر ئێمە هەڵوەدای بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و داهێنەرانە بین، دەبێ دان بە جیاوازییەکانی خۆمان لەگەڵ دیتران بنێین و بتوانین بە ئاشتی و دۆستایەتییەوە پێکەوە بژین، کەسی هاوڕەگەزخواز دەتوانێ کچ، کوڕ، هاوسەر یان دۆستی نزیکی ئێوە بێت. ئەگەر ئەوان ئەم بابەتە بشارنەوە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەم پرسە بوونی نییە. ئێمە لە سەرەتای مێژووەوە هەین و دیسانیش لە پاڵ ئێوە دەبین و درێژە بە ژیانی خۆمان دەدەین، کەواتە باشتر وایە ئێمە قبووڵ بکەن و ڕێز لەم بابەتە بگرن. بەهەر حاڵ عەشق سەرشۆڕی نییە و ئەوە دەبێ خەجاڵەت بێتەوە کە عەشق بە سەرشۆڕی دەزانێت.



مارگارێت مید لە ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە کتێبێکی بە ناوبانگی نووسیوە و تێیدا پێشنیار کردووە کە ئەو نیگەرانییانەی کە بوونی مێرمنداڵ بۆ گەورە ساڵ دەمێنێتەوە (وەکوو هۆگریی سێکسی کە تازە دۆزراونەتەوە) پێکهاتەی کلتووریی لە خۆ دەگرن. ناوبراو لە سامۆوا لەگەڵ گەنجان ئیش دەکا، لێرەدا کلتوور هانیان دەدا کە هۆگریی سێکسی خۆیان تەنانەت بە سێکس کردنی بەر لە هاوسەرگیری بە ئەزموون بکەن، و گریمانەی ئەوە هەیە کە ئەم ئیشە لە کۆمەڵگادا متمانە بە خۆبوونێکی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و کاتێک وەک گەورە ساڵێک توانیان هاوسەرگیری بکەن لە ژیانی سێکسی خۆیاندا متمانە بە خۆبوونێکی زێدەتریان دەبێت. هەڵبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە تەواو پێش پیشەسازی نین، وەکوو سامۆوا و بە وتەی ناوبراو بە توندی لە ژێر کاریگەری بەها

ئیسلامییەکانن، ڕوانین بۆ تافی مێرمنداڵی بە شێوەی سەردەمی بشێوی، ئیسترێس و کارەساتێکی بەهێزە. ڕوانگەی مید بەرامبەر بە ڕوانگەی کراوە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی و ڕۆمانسی و ئازادی بۆ ئەزموونی ئەم بابەتانە لە ناو مێرمندالانی ساموایی، لەگەڵ ئەزموونی گەنجان لە ئێران تەواو جیاوازە، لە وڵاتی ئێران لە نێوان لە نێوان هەر دوو ڕەگەزەکە دیوارێک دانراوە و وەک پرسە مەترسیدارەکان بە توندی پەیوەندییە سێکسییەکانیان قەدەغەی کردووە. لەم ڕوانگەوە ئاراستەی بەرامبەر بە مەترسییە ڕوو لە هەڵکشانەکانی پەیوەندیی ژنان و پیاوان بەر لە هاوسەرگیری ڕەنگە سەرسامهێنەر نەبێت.

ئایدیاکانی ڕفتاری ژنانەی شانۆیی، دراماتیک، لەگەڵ شەرمەزاری و پارێزراوییە ڕەنگە ئەنجامی ئەم ڕوانگە بێ و دەتوانین لەگەڵ هەستی ورووژانی پەیوەست بە مێرمنداڵی لە ئەوروپا و جێبەجێ کردنی ڕۆژانەی بەراورد بکەین. ڕەنگە خاڵی سەرنجڕاکێش کە دەبێ لەم بارەوە ڕەچاوی بکەین درێژەدان بە ڕفتاری مندالانەی ژنان لە گەورە ساڵییە. لە بەرامبەردا کوڕان لە پرۆسەیەکی یەکدەست بە هۆی دوو ساڵ خزمەتی سەربازی کە هەیانە دێنە ناو کۆمەڵگا و بەم شێوە ڕاستەخۆ دەورەکانیان لە کۆمەڵگا دەگۆڕدرێ و لە مێرمنداڵییەوە دەبنە گەورە ساڵ (سینکلر- وب، 1990 ؛ کاپلان، 1990).

پاس ئەوە ئەگەر ئەم کەسانە پیشەیەکی تایبەتی هەڵنەبژێرن، یان درێژە بە خوێندن نەدەن، دەچنە ناو کار و کاری بنەماڵەیی یان دوکانێکی بچووک بە هاوکاری بنەماڵە دەکەنەوە، لە ناوچەی کوردستان زیاتر دۆخەکە بەم شێوەیە. مۆدێرنیزە بوون بۆتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی و کەوتنە ژێر پرسیاری دەوری ئافرەتان. بە شێوەی نەریتی ژنان تەنیا لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە گەورە دەبوون، بەڵام لە ئێستادا زۆریان لە کۆتاییەکانی تافی مێرمنداڵی یان سەرەتاکانی تەمەنی بیست ساڵان ماڵەوە بە جێ دێڵن و دەچنە زانکۆ و بەم شێوە گەیشتوونەتە ڕادەیەک لە سەربەخۆیی ئابووری. سەرەڕای ئەوەی بە گشتی لە کوردستان کێشەی دانەمەزران و بێکاری هێشتا بوونی هەیە، بەڵام هەلی دامەزراندن بۆ ژنان لە کەرتی دەوڵەتی و لە هەندێ لە بەشەکانی کەرتی تایبەتی زۆر کەمترە و ئەم (بوارە تایبەتی پیاوان ڕەچاو کراوە.) توحیدی، 1994

تەنانەت سەرەڕای ئەوەی هاوڕەگەزخوازی لە دێرزەمانەوە لە کۆمەڵگای کوردستان بابەتێکی ئاشنا بووە، و لە کاتی قسە کردن لە سەر پیاوانی هاوڕەگەزخواز وەک ئاسەواری پەستی ناو کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدران، ڕوانگەی کۆمەڵگا بۆ هاوڕەگەزخوازی ژنان هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدایە. ئەم پرسە لە پێشدا لە باکووری کوردستان (تورکیا) دەستی پێکرد، لە دیکەی بەشەکانی کوردستان ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڕەگەزخوازانی پیاو و ژن بە شێوەی کردەیی بوونی نییە، کوردانی دەرەوەی وڵات بە هۆی فوکووسێک کە لە سەر کەمپەینەکانی دیکە هەیانە هەتا هەنووکە نەیانتوانیوە ئەم پرسە بخەنە ناو ڕێسای ئیشی کەمپەینەکانی خۆیان. بەڵام یاساناسانی تورکیایی بۆ کەسانی هاوڕەگەزخوازی پیاو و ژن و ترەنس و ڕێکخراو و لۆبییە گشتییەکانی پەیوەست بەم چالاکییانە هەندێ دەرفەتیان هێناوەتە کایەوە بۆ ئەوەی بۆ قبووڵ کرانی ئەم کەسانە لە ناو کۆمەڵگا هەندێ داپەڕ ئەنجام بدەن، ئەم هەوڵانە زیاتر هی ئێن جی ئۆکانی دانیشتووی ئەستەنبوڵە. بەڵام پێویستیی بوونی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ کۆمەڵەی هاوڕەگەزخوازانی پیاو و ژن و ترەنسە کوردەکان هێشتا زۆر پشتگوێ خراوە.

لەم کلتوورانەدا زۆر جار هاوڕەگەزخوازی بە دژی دیترڕەگەزخوازی و بوونی تایبەتمەندیی نێر و مێ ڕەچاو کراوە. سێ فۆڕمی سەرەکی پەیوەندیی هاوڕەگەزخوازانە لە لایەن مرۆڤناسان پێشنیار کراوە کە بریتیین:

یەکسانخوازیی، پێکهاتەی ڕەگەزێتی و پێکهاتەی تەمەنی. لە ناو ئەم مژارانە یەکیان زیاتر لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو زاڵ دەبێت. بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کوردەکان و ڕوانگەیان بەرامبەر بە هاوڕەگەزخوازی، دەتوانین سەرچاوەی زۆری کەسەکان (زیاتر دەوڵەمەند و مامناوەند تەمەن، و هەمیشە پیاو) دەست بخەین کە سەبارەت بەوان دەنگۆی ئەوە لە ئارادا بووە کە پارەیان بە کوڕانی کەم تەمەن دەدا بۆ ئەوەی پەیوەندیی سێکسیان لەگەڵ ساز بکەن. لە هەمان کاتدا ئەمانە کەسانێک بوون کە (مومکینە لە ڕۆژاوا پێیان بووترێ پێدۆفیلیا) بەڵام وەکوو پیاوی بنەماڵە ژیانێکی ئاساییان هەبوو، بەڵام هەر کات باس لە ئامۆژگاری کوڕانی کەم تەمەن دەهاتە گۆڕەوە بە ئاگا دەبوون. لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەم کوڕە کەم تەمەنانەی کە دەستدرێژی سێکسیان دەکرایە سەر لە کۆمەڵگا بە توندی سووکایەتیان پێ دەکرا و دەبوایە ئەم سووکایەتییەیان بۆ درێژەی ژیانیان لە وڵات (شەرمەزارهێنەر)یان لەگەڵیان بوو کەواتە زۆریان وایان بە لاوە پێ باشتر بوو کە بە هۆی بوونی ئەم پێشینە نیشتمانی دایکی خۆیان بە جێ بێڵن. ئەم پرسە تەنیا بە هۆی ئەوە خرایە ڕوو کە دەربکەوێ فۆڕمی هاوڕەگەزخوازی دیاریکراو بە چ شێوەیەکە کە بزانن ڕوانگەی تاوانبارانە و لادەرانە کە سەبارەت بەم کەسانە بوونی هەیە بە چ شێوەیەکە. هەڵبەت پێدۆفیلیاش لە کۆمەڵگا بوونی بووە و هەیە بەڵام ئەوەش وەک نهێنییەکی ئاشکرا بوو ڕەچاو بکەن.

هاوڕەگەزخوازی نۆرماڵی گەورە ساڵانی ترەنس بوونیان لە چاو فۆڕمی چەوسانەویی ئەم هۆگرییانە کەمتر قبووڵ دەکرێت. هەڵبەت ئەم هۆگرییە لە چاو هاوڕەگەزخوازان و ترەنسەکان ڕەنگە دیاردەیەکی زۆر نوێتر و ئەنجامی خەباتەکانی کۆنسێرڤاتیڤ لەگەڵ مۆدێرنیتەیە. ئەم چەشنە ژیانە سێکسییە لە خۆرهەڵاتی ناڤین و کەواتە لە کلتووری کوردستان بۆ چەندین سەدە بەردەوام بوو.

سەرچاوە بایۆلۆژیکی، مێژوویی و دەروونناسییە جیاوازەکان لە لە ناو زۆرێک لە کلتووری موسڵمانانی خۆرهەڵاتی ناڤین بوونی هەیە و داپەڕی هاوڕەگەزخوازانە زۆر بەربڵاو و گشتی بووە. شاعیرانی فارس زمان وەکوو (عەتار مردوو 1002)، (ڕۆمی، 1021)، (سەعدی، 1091)، (حافز، 1189)، (و جامی 1490) و هەروەها شاعیری کورد شێخ ڕەزا لە پەیوەندیی لەگەڵ هێماگەلی هۆمۆئێرۆتیک کۆمەڵێ شێعری هەیە. توێژینەوە لە بارەی ناهاوسانانی سێکسی وا پیشان دەدا کە سەرەڕای ئەوەی بینراوی بوونی ئەم پەیوەندییانە کەم بۆتەوە بەڵام ڕێژەیان کەمی نەکردووە. دوو فۆڕم زیاتر تۆمارکراو بریتیین لە هەبوونی پەیوەندیی سێکسی پارەیی لەگەڵ پیاوانی ترەنس یان ئەو پیاوانەی وا خۆیان ترەنس دەنوێنن و نموونەگەلێک لەم کەسانەن کە ئەوان بە ناوی بچووکی 2 و منداڵ 3 بانگ دەکەن و هەروەها داپەڕی مەعنەوی سۆفییەکان کە تێیدا تاک لە داپەڕێکی پاکداوێنانە و ئایدیالانە دەگا بە داپەڕێک بە پێی خواست و هۆگریی.



بۆ وێنە لە ئێرانی کۆن هاوڕەگەزخوازی و هۆمۆئۆرۆتیک لە زۆرێک لە شوێنە گشتییەکان پەسند کراو بووە، بۆ وێنە لە دێر و حەوزەی زانستی هەتا مەیخانە، کەمپی سەربازی، گەرماو و قاوەخانەکان. لە سەرەتاکانی سەردەمی سەفەوی (152 هەتا 1201) شوێنگەلێک بە ناوی ئەمرووردخانە هەبوو کە تێیدا پیاوانی لەشفرۆش ئیشیان دەکرد، ئەم شوێنانە یاسایی بوون و باجیان دەدا. ئەدەبیات و هونەرێکی بەهێز دیسان بێچمی گرتەوە کە تێیدا هاوڕەگەزخوازی لە خۆرهەڵاتی ناڤین بە شێوەی شووبهاندنی عەشقی پیاوان خۆی نواندبوو. بەم پێیە گانیمێد (ساقی خودایان) سیمبۆلی کوڕە خۆشەویستێکی ئایدیال بوو. موسڵمانان و زۆربەی سۆفی و شاعیرانێک کە لە وڵاتانی عەرەبی و ئێرانی بوون سەبارەت بە کوڕانی ساقی جوانی مەسیحی دواون و ئیدعا دەکەن کە لە ڕۆژدا لە مەیخانە مواندارییان لێ دەکەن و لە شەودا دەخزێنە ناو پێخەفەکەیان. لە زۆرێک لەم ناوچانە ئەم داپەڕە هێشتا لە سەردەمی نوێدا دەبینرێ (ئەم پرسە لە لایەن ڕیچارد فرانسیس بارتۆن، ئاندرە گاید و ئەوانی تریش تۆمار کراوە).

هاوڕەگەزخوازان هێشتاش خەریکی خەبات لە پێناو وەرگرتنی ماف و دادپەروەری بۆ خۆیان لە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکانن. کەسێکی هاوڕەگەزخواز پیاو یان ئافرەت و یان کەسێکی ترەنس هێشتا لەوانەیە لە شەقامدا بێڕێزی پێ بکرێ و یان لە هەندێ لە شوێنە گشتییەکان مافی هاتنە ژوورەوەیان نەبێت. لە بریتانیا لەم ماوەی دواییدا باسێک لە نێوان دەوڵەت و چالاکڤانانی پیشەسازی تووریزم ڕووی داوە و هەندێ لە هۆتێل و میوانخانەکان داوایان کردووە کە دەوڵەت ڕێگەیان پێ بدا کاپلە هاوڕەگەزخوازەکان کە وەکوو هەر کاپڵێکی دیکە داوای ژوورێک دەکەن بکەنە دەرەوە. لە حاڵێکدا کەسانی هاوڕەگەزخوازی ئەوروپی بە توندی هەڵوەدای وەرگرتنی مافی هاوسەرگیری لە هەندێ لە وڵاتانن، ئەم ڕاستییانە وای کردووە دنیا لەم بارەوە بۆچوونی دوو جەمسەری هەبێ و مشتومڕی سیاسی زۆر لەم بارەوە بێتە ئاراوە و تەنانەت لە هەندێ لە وڵاتان بابەتەکە پەلکێشی دادگاکان بکرێت. لە ساڵی 2002 لە هۆڵندا، بەلژیکا، ئیسپانیا، کەنەدا و ئەفریقای باشووری هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕەگەزخواز یاسایی کراوە. بەڵام لە بواری هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا لە ویلایەتی هاوبەرژەوەندی ماساچۆست مافی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان بە فەرمی ناسرا و ویلایەتەکانی وێرمۆنت و کانکتیکات ئیزنی بوونی پەیوەندیی مەدەنیان پێ داون.

لە هەمان کاتدا وڵاتانی دیکە، کە زۆرینەی وڵاتانی ئەوڕووپی دەگرێتەوە کۆمەڵێ یاسایین پەسند کردووە کە بە گوێرەی ئەو کەسانی هاوڕەگەزخواز بۆیان هەیە پەیوەندیی مەدەنیان پێکەوە هەبێ و بەم چەشنە کاپڵە هاوڕەگەزخوازەکان لەو مافانە سوودمەند دەبوون کە کاپڵە هاوسەرگیری کردووەکان لە بواری یاساییدا لێیان سوودمەند دەبن. لەم چەشنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە یاساکانی میرات و کۆچ. زۆرێک لە وڵاتانی سکادیناڤیا یاساکانی هاوبەشی ناوخۆییان لە دەیەی 1982 بەم لاوە لە یاساکانی خۆیاندا گونجاندووە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چڕکردنەوەی مشتومڕەکان لە سەر بە یاسایی کردنی هاوسەرگیری لە بری قبووڵ کردنی یەکێتی مەدەنی دەتوانێ هۆکاری سەرەکی شکستی ئەو هەوڵانە بێ کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە و لە لایەن گرووپە مەحافزەکار و ئاینییەکانەوە بەرهەڵستی کراوە. بۆ وێنە لە کالیفۆڕنیا، فەرماندار ئارنۆڵد شوارتزینگێڕ ڕایگەیاند کە بە شێوەی تەواو پاڵپشتی لە یاسای پشتیوانی لە کاپڵە هاوڕەگەزخوازەکان دەکا بەڵام پرسی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان باشتر وایە لە لایەن خەڵک یان دادگاکان یەکلایی بکرێتەوە.

لە ڕوانگەی زۆرێک لە لایەنگرانی نەریت و بە ئاوڕدانەوە لەو ڕوانگە نەخوازراوانەی کە لەم بوارەدا لە هەندێ لە ئاینزاکاندا هەیە، هەندێ ناڕەزایەتی دژ بەم بابەتە ئەنجام دراوە، بۆ وینە ئەم باسە لە ئارادایە کە هاوسەرگیری میکانیزمێکی دیاریکراوە کە بۆ سازدانی بنەمای (دایک یان باوک بوون) بەرنامەڕێژی بۆ کراوە و پێکەوە بوون بە بێ بوونی کەسەکان بە دایک و باوک ناتوانێ ناوی هاوسەرگیری لە خۆی بنێت. ئەنجوومەنی دەروونناسانی ئەمریکا ئەم باسەی تەواو ڕەت کردۆتەوە (پترسون، 1995) و ڕایگەیاند کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئاکادمیک بە بێ هەڵاواردن لە بواری کەسانی هاوڕەگەزخوازی ژن یان پیاو کە پێکەوە دەژین تەواو دژی ئەم باوەڕانەیە. سەیرتر ئەوەی کە سیاسەتمەدارانی هاوڕەگەزخواز توانیویانە ڕێژەیەکی زۆری کورسییە دەوڵەتییەکان تەنانەت لەو وڵاتانە وەدەست بێنن کە یاساگەلی دژە نێربازی و یان کوشتنی هاوڕەگەزخوازانیان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیاندا هەبووە. هاوڕەگەزخوازان لە کابینەی بریتانیا وەکوو وەزیری پێشوو کریس سمیت (لۆرد سمیتی ئەوڕۆیی لە فینزبێری کە یەکێک لەو چەند کەسەیە کە هەڵگری HIV زایدن کە ئەم بابەتەی ڕاشکاوانە ڕاگەیاندووە) و نیک براون و هەروەها حاڵەتی زۆر نوێی پتر ماندڵسۆن کە کۆمیسێرێکی ئەوڕووپی و هاوڕێی زۆر نزیکی تۆنی بلێرە و یان پێرکریستییەن فووس کە وەزیری کاروباری دارایی نەرویژە هەتا ساڵی 2015 بوو کە سەربەستانە هاوڕەگەزخواز بوونی خۆی ڕاگەیاند.

هۆگریی گشتی کە لە بواری قبووڵ کردنی زۆربەی پیاوان و ژنانی هاوڕەگەزخواز لە کۆتاییەکانی سەدەی 20 بەدی هات لە ڕێکخراوە سکۆلارەکاندا سنووردار نەبووەوە. ئەم ڕووداوە لە زۆرێک لە دامەزراوە ئاینییەکانیش ڕووی دا. جوولەکایەتی ڕیفۆڕمخواز کە گەورەترین لقی جوولەکایەتی لە دەرەوەی ئیسرائیلە هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانی بۆ شوێنکەوتووانی خۆی لە کەنیسەکان ئاسان کردووە. کڵێسای ئانگلیکان تووشی هەندێ ناکۆکی بوون کە بووە هۆی دابڕانی نێوان کڵێساکانی ئەفریقا و کڵێسای ئانگلیکانی ئاسیایی لە لایەک و کڵێساکانی ئەمریکای باکووری لە لایەکی ترەوە. هۆکاری ئەم ناکۆکییە هی ئەو کاتە بوو کە کڵێساکانی ئەمریکا و کەنەدا هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانیان قبووڵ کرد و کەسانی هاوڕەگەزخواز ڕێگەیان پێ درا کە پێکەوە بن. دیکەی کڵێساکان هاوشێوەی کڵێسای مێتۆدیست تووشی بابەتی بەرێوە بردنی دادگا بۆ زانایانی ئاینی هاوڕەگەزخواز بوونەوە کە هەندێ ئیدعایان کردبوو ئەم کارە دژی بنەما ئاینییەکانە و فەرمانی دەرکراو بۆ ئەم کەسانە بە پێی ناوچەی

جوگرافیایی جیاواز بوو. لێرەدا ئیسلام تەنیا بەشێک لە کێشەکەیە. چوونکە بینیمان لە هەندێ لە شوێن و فۆڕمەکاندا جۆرەکانی هاوڕەگەزخوازی قبووڵ کراوە.

لە پەیوەندیی لەگەڵ کوردستان، حیزبە سیاسییە چەپەکانی کورد بە شێوەی نەریتی پشتیوانییەکی گشتی کەمتریان لە هاوڕەگەزخواز و ترەنس و مافەکانی ئەوان کردووە بەڵام ئەم پشتیوانییە کەمە بە دەگمەن بۆتە داپەڕێکی گشتی.

بێگومان پرسی زۆر زیاتر لە بەرنامەی سیاسیی کوردەکاندا بوونی هەیە کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو تاکەکان، هەر لەبەر ئەوە کوردەکان لەم بوارەدا داپەڕێکی ئەوتۆیان ئەنجام نەداوە. چالنجی گەورەتر لە کۆمەڵگای کوردی ئەوە نییە کە هۆگریی لە ناو بلیمەتە سیاسییەکاندا بگۆڕن، لە ئێرانیش لەم بارەوە ڕوانگەیەکی هاوشێوەی سیاسەتمەدارانی کۆنسێرڤاتیڤ و ئاینیی ئەمریکایی بوونی هەیە. لێرەدا چالنجی سەرەکی پرسی کلتوور و کۆی حەشیمەتە کە هێشتا وەک باسێکی سزایی سەیری هاوڕەگەزخوازی و ترەنسەکان دەکەن و ئەمە تاکە سناریۆی شیاوی قبووڵ کردن لە بواری ئەم بابەتەیە.

ئەم بابەتە لە بواری مافەکانی ژنان لە کوردستانی ئێرانیش بە شێوەی گشتیتر بەدی دەکرێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا تەنیا حاڵەتی قبووڵ کردنی دەربڕینی هۆگریی سێکسی لە ڕێگەی هاوسەرگیرییە، و بەتایبەت بە هۆی ئەو نۆرمانەی کە لە کوردستان هەیە ئازادییەکانی ژنان نە تەنیا لە بواری ڕەگەزی بەڵکوو لە بواری کۆمەڵایەتیشدا زۆر سنووردارە. هەڵبەت ئەم پێویستییانە لە بواری دیکەی ڕفتارەکانی وەکوو دەرکەوتنی گۆڵمەزییانەی قەتڵی نامووسی کە لەم ماوەی دواییدا لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان زۆر جێی باس بووە بەدی دەکرێت. لە ڕوانگەی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتی، دەبێ فێر بین هەموو شتێک بە ڕوانگەیەکی زۆرینەخوازتر ببینین. واتە دەبێ مافێکی زێدەتر بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بدەین. لە بواری سێکس و ڕەگەزێتی، هیچ نازناو یان ڕوونکردنەوەیەک بە تەنیایی ناتوانێ بۆ هەر هەموو تاکەکان بە کار بهێنرێ و خەڵک دەبێ بتوانن هەموو شتێک بە ئەرێنی ببینن و فێر بن ئەو کەسانەی کە بووێری تەواویان هەیە کە ڕادەپەڕن و خۆی ڕاستەقینەیان پیشان دەدەن بە شوورەیی و عەیبە ئازار نەدەن. ئەم پرسە لە کۆمەڵگای کوردی پێشینەیەکی زۆر دوور و درێژی هەیە و ئەگەر کورد بیهەوێ ببێتە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەبێ بتوانێ بە شێوەی گشتی و بە بێ شەرم کردن ئەم پرسە چارەسەر بکا و پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ بکات.

**سەبارەت بە نووسەر**

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە.** توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009)

**-بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press- Oxford و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 2020 ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دوایین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری مندالان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com